

# ئافرەتان داوای کاری دیپلۆماسی و بەشداری لە دروستکرنی سیاسەتدا دەکەن

گوڵان – کۆمەڵایەتی

ئافرەتان لە پاش هەوڵێکی زۆر و خەباتێکی بەردەوام لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا توانییان تا رادەیەکی بەرچاو مافەکانیان مسۆگەر بکەن و تەنانەت لە دروستکردنی سیاسەتیشدا بەشداری بکەن. ئەگەرچی لە کوردستانیش بەشداریی ئافرەت لە کاری سیاسی و ئەندامێتییان لە ئاستەکانی باڵای حزبیدا گەشەی کردووە، تەنانەت لە باشووری وڵات بەشدارییان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا پەرەی سەندووە و گۆڕانێکی نەوعی بەدی دەکرێت، بەڵام تا ئێستا وەك ئافرەتێکی سەرکردە باسیدەکات، وەفدەکانی کوردستان و شاندەکانی بیانی بەپێچەوانەی یەکدین و لە وەفدەکانی کوردستان بۆ دانوستان و کاری دیپلۆماسی بە دەگمەن ئافرەتێك دەبینیدرێ، کەچی ئەو وەفدانەی دەرەوە کە سەردانی کوردستان دەکەن، ئەگەر سەرۆکی شاندەکەش ئافرەت نەبێت، ئەوا بە دەگمەن ئافرەتیان تیا نییە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هاوکێشە سیاسییەکان پاڵ بە هەرێمی کوردستانەوە دەنێن هەتا بەرەو دەمەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاوی خێراتر هەڵبگرێ، بۆیە چاودێرانی سیاسی بە پێویستی دەزانن لە کوردستان زیاتر بنەماکانی دیموکراسی پەیڕەو بکرێن و ڕێگە بۆ ئافرەتانیش بکەنەوە بۆ ئەوەی پتر لە پرسە سیاسییەکان دەربکەون و تەنانەت لە دانوستاندنە چارەنووسسازەکاندا بەشدارییان پێبکرێت. واتە ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان بەشداریی ئافرەت لە ئاستی سەرکردایەتی حزبەکان و تەنانەت لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا پەرەی سەندووە، بەڵام بۆچی ئافرەتان لە وەفدەکانی کوردستان بۆ دانوستاندن و کاری دیپلۆماسی بێبەش کراون؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، ئەڤین هەوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: « نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئافرەت توانیویەتی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستاندا جێگەی خۆی بکاتەوە و لە زۆربەی حزبەکانیش ئافرەتی خاوەن پلەی سەرکردایەتی بوونیان هەیە، بەڵام ئەمە نابێتە فاکتەرێك کە بڵێین ئافرەت گەیشتووەتە ئاستی یەکسانی و هاوشانی پیاوانە، بەتایبەت ئێمە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٥ ساڵە هەناسەی ئازادی دەکێشین و لە ئاستی نێودەوڵەتی بەرەوپێشچوونی زۆر بەرچاومان بووە، بەڵام لە سەردانی وەفدەکانمان و هاتنی وەفدەکانی بیانی دیاردەیەکی پێچەوانە هەیە، واتە لە وەفدەکانی کوردستان بۆ دانوستان و کاری دیپلۆماسی بە دەگمەن ئافرەتێك دەبینین، یان هەر نایبینین، بەڵام ئەو وەفدانەی دەرەوە کە دێن بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر سەرۆکی شاندەکەش ئافرەت نەبێت، ئەوا بە دەگمەن ئافرەتیان تیا نییە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا وەك ئافرەتانی سەرکردە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە حزبێکی دەسەڵاتدارە، داوای ئەوەتان کردووە کە لە وەفدەکان بەشدار بکرێن؟ ئەڤین هەوری گوتی: «ئێمە زۆر جار هەوڵمان داوە، بەتایبەتی لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا،

بەڵام ئەنجامی بەرچاومان نەبووە، لە کاتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت کە زۆر دانوستاندن کرا لە نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا یەك حزب ئافرەتی لە وەفدەکانیدا بەشدار کرد، لە وەفدەکانیش کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا دەکەن، ئافرەتان بەشدار نین، بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە سەرۆکی فراکسیۆنن لە پەرلەمانی کوردستان ناتوانن پشتگوێیان بخەن، رەنگە ئەگەر رێگەیان هەبوایە ئەوانیشیان بەشدار نەدەکرد. ئێمە وەك ئافرەتانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان (گرووپی ئاشتی)مان دامەزراندووە، کە هەموو ئافرەتانی سەرکردایەتی حزبەکان لە خۆ دەگرێت، تەنانەت ئەو ئافرەتە سەرکردانەش کە سەر بە هیچ حزبێك نین، بەڵام لە ئاستی سەرکردایەتین لەو گرووپە جێگەیان بۆ کراوەتەوە، ئەو گرووپەش ئامانجی ئەوەیە کە ئافرەتیش لە شاندەکانی دانوستاندن لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش بەشدار بکرێن».

پەیمان عزەددین پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «ئەگەر سەیری تێکڕای پارتە سیاسییەکان بکەین، دەبینین چ لە ناو خودی حزب و لایەنەکاندا و چ لە ناو ئەو وەفدانەی حکوومی کە پێشوازی دەکەن لە وەفدە بیانییەکان، یان سەردانی شوێنێك دەکەن، بەشداری ئافرەت لە ئاستی نەبووندایە، نەك کەم، ئەگەر پارتێکیش هەبێت کە ژنێك لە ئاستی باڵادا دابنێت، ئەوا تەنیا بۆ رووکەشی دەرەوەی پارتەکەیە و ئەوەی راستی بێت تاوەکو ئێستا لە هیچ دانوستانێك و لە هیچ سەردانێکی دیپلۆماسی ژنان جێگەیان نییە، ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕوا و قەناعەتی سەرکردایەتی حزبەکان کە تا ئێستا نەیانتوانیوە قۆناغی پیاوانەی پارتەکانیان بەرەو یەکسانی رەگەزی تێبپەڕێنن، بۆیە پارتەکانمان بەگشتی بایەخیان بە توانا و رۆڵی ژنان لە ئاستی باڵا و کاری دیپلۆماسی و بەشدارییان لە وەفدەکاندا نەداوە و ژنان لە بنەوەی دیواخانەکانی حزبن».

رۆشنا مەگرون، چالاکی بواری مافی مرۆڤە و لە دەستپێکی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ستایلی زۆر شت گۆڕاوە، بەڵام هزر و هۆشمان نەگۆڕاوە، لەکاتێکدا وابەستەبوون بە هزری کۆن و نەریتسالاری هەمیشە هەڕەشە و کۆسپی گەورەی بۆ ئافرەت دروستکردووە بۆ ئەوەی نەتوانێ رۆڵی کارای لە کاروباری وڵاتەکەیدا هەبێت، بەڵام لەم سەردەمی ئینتەرنێت و جیهانگەرایییەدا جیاوازە رەگەزییەکان زۆر کاڵ بووەتەوە، هەر دوو رەگەزیش خاوەن پەیام و ئامانجی خۆیانن، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە لە قۆناغی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی خۆمانین، یەکێك لە پێوەرەکانی دەسەڵاتی دیموکراتی و پێشکەوتوویی هەر وڵاتێکیش بەشداریی ئافرەتی لە گشت جومگەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە لە وەفدەکانی کوردستانیش وەك وەفدەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ئامادەیی و هزر و روانگەی ژنانی سەرکردە و بەئەزموون بایەخی پێبدرێت و پشتگوێ نەخرێن».

عومەر شاوری ئەندامی دەستەی راوێژکاری حزبی زحمەتکێشانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە رۆژئاوای کوردستان ئافرەتان وەکو پیاوان لە هەموو کایە سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش و لە بەرگریکردن لە شاری کۆبانی شانبەشانی پیاوان دەجەنگن و لە وەفدەکانی دانوستاندەکانیشدا ئەمە رەنگیداوەتەوە، وەك ئەوەی لە فەرەنسا بینیمان ئافرەتێك سەرکردایەتی وەفدی کوردانی خۆرئاوای کرد، بە هەمان شێوە لە باکووری کوردستانیش چەندین سەرکردەی ئافرەتمان هەیە کە شانبەشانی سەرکردە پیاوەکان لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندان و لە شاندەکانیش ئامادەبوونیان هەیە»، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش گوتی: «راستە ئافرەت لە سەرکردایەتی حزب و پەرلەمان و حکومەت وجوودیان هەیە و تەنانەت ئافرەتی وەزیرمان هەیە، کەچی لە ناو شاندە دیپلۆماسییەکان و وەفدەکانی دانوستاندن نابیندرێن. ئەوەش پەیوەندی بە عەقڵییەتی پیاوانی حزبەکانەوە هەیە کە لەوانەیە بڕوایان بە لێهاتوویی ئافرەتان نییە بۆ ئەوەی لە پرسە چارەنووسسازەکان بەشداریان بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشداریی ئافرەتانی سەرکردە لە شاندەکانی دانوستاندن لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بایەخی پێدراوە و ئەنجامی زۆر باشیشی هەبووە».

عومەر شاوری لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتانی کورد لە بواری دیپلۆماسیدا چەندین نموونەی سەرکەوتوویان لە مێژوودا هەبووە، گوتیشی: «وەك کورد چەندین ئافرەتمان هەبووە کە پێشەوایەتییان کردووە و شارەزا بوون لە بواری سیاسی و گفتوگۆ و دانوستاندا، نموونەی زۆرمان هەیە وەك خاتوو خانزادی میری سۆران و حەفسەخانی نەقیب لە سلێمانی و عادیلەخانم لە هەڵەبجە و مەستوورە خانمی ئەردەڵان لە سنە، کەواتە ئەمە شتێکی نوێ نییە کە باسی لێوە دەکەین و ئافرەتی کورد لە دێزەمانەوە تا ئێستاش بەشداربووە لە سیاسیماندا و دەبێت لە کایە سیاسییەکاندا رۆڵیان بەرز بنرخێنین و و کۆسپیان بۆ دروست نەکەین».

لەلای خۆیەوە ئەڤین هروری چارەسەر لەوەدا دەبینێت کە «بنەماکانی دیموکراسییەت لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەش بە جددی پەیڕەو بکرێت و هەموو ئەو پیاوانەی لە دەسەڵاتن بە ئەقڵییەتی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی کاربکەن و بڕوایان بەوە هەبێت کە ئافرەت هاوشان و شەریکی ئەوانن و وەك چینێکی بێهێز سەیری ئافرەت نەکەن».

**لە کاتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت کە زۆر دانوستاندن کرا لە نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا یەک حزب ئافرەتی لە وەفدەکانیدا بەشدار کرد**

**پێویستە بنەماکانی دیموکراسییەت لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەش بە جددی پەیڕەو بکرێت و هەموو ئەو پیاوانەی لە دەسەڵاتن بە ئەقڵییەتی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی کاربکەن و بڕوایان بەوە هەبێت کە ئافرەت هاوشان و شەریکی ئەوانن و وەک چینێکی بێهێز سەیری ئافرەت نەکەن**

**لە وەفدەکانی کوردستانیش وەک وەفدەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێت ئامادەیی و هزر و روانگەی ژنانی سەرکردە و بەئەزموون بایەخی پێبدرێت و پشتگوێ نەخرێن**

# ئافرەتی کورد پشکی شێری لە نەهامەتییەکانی ئەنفال بەرکەوتووە



**تاوانی پڕکارەساتی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کورد پرۆسەیەکی بەدناو و نەخشە بۆ داڕێژراوی ڕژێمی بەعسی رووخاو بوو بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کورد، لەم ستەمە گەورەیەشدا ئافرەتی کورد پشکی شێری لە نەهامەتییەکان بەرکەوت. رزگاربووانی ئەنفالیش دوای ساڵانێك چاوەڕوانی زۆربەیان ئێسك و پرووسکی کەسوکاریان بۆ هاتەوە. گوڵان بە پێویستی زانی لە ساڵوەگەڕی ئەو یادە پڕئازارەدا ئاوڕێك لە ئافرەتانی بەشمەینەتی کەسوکار ئەنفالکراو بدرێتەوە، بۆ ئەوەی برینی قووڵیان ساڕێژ بکرێ و لانیکەم هاوبەشیی ئازارەکانیان بین.**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە (٦) ناوچەی جوگرافیی باشووری کوردستان و بە هەشت قۆناغ ئەنجام دران، سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ پاش رووخاندنی هەموو گوندەکانی کوردستان کۆتایی هات، کە زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند وێرانکران. ئەو کات لەپاڵ هێزە سەربازییەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی، نزیکەی (٣٠٠) فەوج لە کوردستاندا هەبوون، کە پتر لە (٢٠٠ هەزار) چەکداری جاشی لە خۆ گرتبوو. بەداخەوە بەشێك لەو هێزە دەستیان بە خوێنی خوشك و برای خۆیان سوور کرد و تا ئێستاش کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای سزادانی تاوانبارانی ئەو کردە نامرۆڤانەیە دەکەن و دەخوازن هیچ لێخۆشبوونێك نەیانگرێتەوە.

ئامینە ئەحمەد لە ١٩٨٨/٤/١٤ ئەنفال کراوە، ئەو تاوەکو ٩/٢٠ی هەمان ساڵ لە گرتووخانەی (نوگرەسەلمان) زیندانی بووە، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە، وەك خۆی باسی دەکات، ئەوکات تەمەنی ١٦ ساڵان بووە و لە ئێستاشدا بە خەمێکی زۆرەوە ژیانی رابردووی دەگێڕێتەوە و بەمجۆرە باسی ئەو رابردووە پڕنەهامەتییەی دەکات: «من دانیشتووی گوندی قەشقە بووم سەر بە شارۆچکەی قادرکەرەم، کاتێك فەرمانی دەستگیرکردن هاتە ناوچەکەمان من لە ژوورەوە خەریکی دەرس خوێندن بووم، کاتێکم زانی هاتنە ژوورەوە و ئیتر من و دایك و باوکم و براکەم بەر ئەو شاڵاوە کەوتین، ئێمەیان بردە دەرەوەی ماڵ، دواتر تەواوی ژن و پیاویان لە دوو ریزی جیادا ڕێکخست و یەك بە یەك بە جیا سواری پاسەکانیان کردین، پاسەکان کەوتنەڕێ، بەرەو ڕێگەی کەرکووك لە تۆپزاوە لایان دا و ناویان نووسین، کچ و کوڕەکانیان لە دایك و باوکان جیاکردەوە، بەشێکیان هێشتنەوە، بەشەکەی تریش سواری ئۆتۆمبیلەکان کراین کە نزیکەی ٢٠ ئۆتۆمبیل دەبوو، بە درێژای ئەو شەوە بە بەردەوامی بەڕێگەوە بووین. لە نوگرەسەلمان هەموو رۆژێك ریزیان دەکردین، جەللادێك بە کێبڵ لە خەڵکەکەی دەدا بەپیاو و ئافرەتەوە، رۆژی وابوو زیاتر لە (١٥) کەس بە ئەشکەنجە دەمردن. ئەو زیندانە دوو نهۆم بوو، بریتی بوو لە ٣٢ هۆڵ، بە شێوەی چوارگۆشەی بەرامبەر بە یەك بوون، گۆڕەپانێکی گەورە لە ناوەڕاستیدا بوو، دەیان کۆڵەکەی ئاسن دانرابوون بۆ هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، زۆر کەسیان زیندەبەچاڵ کرد، پیاو و ژنی پیر شەو تا بەیانی بۆ کچ و کوڕەکانیان دەگریان کە لە تۆپزاوە جیاکرابوونەوە و کەس هیچی لە بارەوە نەدەزانین، منیش کەسوکارم لە دەستدا و تا ئێستاش چارەنووسیان نازانم.»

سندس حوسێن بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی پارێزگای هەڵەبجەی (ی . ئا . ك) قسەکانی بە سڵاوناردن بۆ «رۆحی پاکی شەهیدان» دەستپێدەکات کە بە خوێنی ئاڵیان خاکی کوردستان دەپارێزن و بۆ پاراستنی هەر بستە خاکێك خۆیان کردۆتە قوربانی، بۆئەوەی ژن و منداڵ و نەوەکانیان جارێکی دیکە رووبەڕووی مەرگەسات و ئەنفال و جینۆساید نەبنەوە. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئەنفال ئەو وشە وەرگیراوەی کە رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس بۆ قڕکردن و قەتڵوعامی کورد بەکاری

**تاوەکو ئێستا بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزانییەکان و قوربانییانی دیکەی جەنگ و توندوتیژی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی دروست و زانستییان بۆ نەکراوە و هێشتا لە ژێر ئاسەواری توندوتیژییەکاندا نەوە لە دوای نەوە دەناڵێنن**

**کەسوکاری شەهیدان هەر رۆژێك تاسەی ئازیزانیان کردبێ، بەسەرکردنەوەی دوامەنزڵگەیان کە تەنیا دووکێلی راگیراوە لەسەر خاکی سەبووری خۆیان دەدەنەوە و دڵنیان ئێستا خاک وەک دایکێکی میهرەبان ئەوانی لەئامێز گرتووە، بەڵام بەداخەوە کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال لەو سەبوورییەش بێبەشن**

هێنا، ئەو مەرامەی کە لە پشت بەکارهێنانی ئەو تاوانەوە بوو، هەمووومان باش دەزانین چی بوو، بۆیە پێویست ناکات زۆر بچمەوە سەر هۆکار و مێژووی ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیە کە بۆتە چارەنووسێکی رەش و تاریك لە مێژووی هەرگیز لەیاد نەکراوی میللەتی خێر لەخۆ نەدیوی کورد. پێویستە زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ یادی ئەم مەرگەساتانە بکەین و هەر تاکێك لەلایەن خۆمانەوە بتوانین ببینە داکۆکیکار لە داواکردنی ماف بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە خاك و ئاو و تاکی کورد کراوە و نەهێڵین چیدی خوێنی شەهیدان و کوردی جینۆسایدکراو بە فیڕۆ بڕوات. ئەمەش بەوەدەکرێ کە دەنگمان بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنین، ئەوسا دەتوانین داوای سەرجەم مافەکانمان بکەینەوە لەتاوانباران.» گوتیشی: «هەمیشە نزیکبوونەوە لە وەرزی بەهار لەلای ئێمە بووەتە سەرلەنوێ کوڵاندنەوە و خوێن بەربوونی زامە سارێژ نەبووەکانی کەسوکاری ئەنفالکراو و کیمیاباران و جینۆسایدکراوانی دەستی ئەو رژێمە بەعسییە دیکتاتۆرەی کە هەمیشە بە خوێنی کورد تینوو بوو. ئاشکرایە کەسوکاری شەهیدان هەر رۆژێك تاسەی ئازیزانیان کردبێ، بەسەرکردنەوەی دوامەنزڵگەیان کە تەنیا دووکێلی راگیراوە لەسەر خاك سەبووری خۆیان دەدەنەوە و دڵنیان ئێستا خاك وەك دایکێکی میهرەبان ئەوانی لەئامێز گرتووە، بەڵام بەداخەوە کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال لەو سەبوورییەش بێبەشن، چونکە تا ئێستاش ئازیزانیان بێ ئارامگا و مەنزڵگان و نازانن خۆشەویستانیان لەباوەشی کام خاکی غەریبن. ئازاری کەسوکاری ئەنفال هەگیز بە وشە دەرنابڕدرێ، کاتیك لەنزیکەوە لە تەنیشت تاقانەیەکی دوای ئەنفال دابنیشیت و دەستە لەرزۆك وتەزیوەکانی لە هەناسەکانی ساردتر بگریت و چاو ببڕیتە تنۆك تنۆکی ئەو فرمێسکانەی بە چاوە بەقووڵدا چووەکانی بە دەست ژان و خەفەتەوە دەڕژن، یان کاتێك ئازاری دایکێکی ئەنفالکراو ببینی کە پاش ٢٨ساڵ ئێستاش هەموو شەوێك جێگەی منداڵەکانی لە تەنیشت خۆی رادەخات، یان بەدیار ئازار و ژانی بووکێکی یەك دووشەوە دابنیشیت، کە ئێستا پرچەکانی سپی سپی و سەرگوڵمە سوورهەڵگەڕاوەکەی جارانی ئێستا چەشنی بیابانە شەقاربووەکانی جنووبی هەمیشە نامۆ بە کورد وشك و زەرد هەڵگەڕاوە، یان بینینی باوکێك کە منداڵەکانی لە بازاڕەکانی عەرەبستان کاڵا فرۆش کراون، یان لە ژێر خاکی لمین تا ئێستاش بێ ناونیشانن، ئەو کات قوڵایی ئەو ئازارە دەردەکەوێت. هەر چەند وشەی ئەنفال دەخوێنمەوە، هەست بە بۆنکرووزی ناخم دەکەم. لەگەڵ وشەی ئەنفال، بیر لە هاوڕێ چاو رەشە سوور و سپییە باڵا بەرزەکەی هاوپۆلی خوشکەکەم دەکەمەوە، کە لە هەڵمەتێکی تری ئەنفالی هەڵەبجەییەکان لەگەڵ دایك و باوك و پێنج خوشك و برای تا ئێستاش بێ سەروشوێنن، ئەمەش پاش گەڕانەوەیان بوو بە بڕیاری لێبووردنی گشتی کە پاش بۆردوومانی شاری هەلەبجە بەچەکی کیمیاوی بێ ویستی خۆیان تەنیا بۆ رزگاربوونیان لەمەرگ هەنگاویان بۆ خاکی ئێران نابوو، بە بیانووی دواکەوتن لە ماوەی دیاریکراوی لێبوردنە گشتییەکە تەنیا بە دوو کاتژمێر لەگەڵ چەند خێزانێکی تری هەڵەبجەیی تا ئێستاش بێسەروشوێنن. کەسوکاریان دەڵێن تەنیا لە ئامێزگرتنی ئێسکەکانیان سەبوریمان پێ دەبەخشێ، لێرەوە جارێکی تر دەڵێم پێویستە تەنیا دەنگمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێ، تا بتوانین تۆڵەی ئاهی دایکانی ئەنفالکراوەکان وەربگرینەوە و چیدی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران نەکرێین.»

رۆشنا جەمال مەحمود، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە جینۆسایدی بەراورد، هۆلۆکۆست، جینۆسایدی ئەرمەن، ئەنفال - زانکۆی پۆتسدام / زانکۆی فرایەر بەرلین، ئەڵمانیا سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ژن و منداڵ بەرپرسیار نین لە هەڵگیرسانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە قوربانیی یەکەمی ئەو جەنگانە و بە درێژایی ژیانیان لە ژێر ئاسەوارەکانی شەڕدا دەناڵێنن. قوربانی جەنگ کێن؟ ئەو کەسانەن کە لە چوارچێوەی رووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا تووشی توندوتیژی دەبن دەبنە قوربانیی جەنگ، جینۆساید، دیمۆساید، کۆمەڵکوژی، برسێتی، ئێپیدیمی، تیرۆر. ئەو مرۆڤانەش دەگرێتەوە کە لە ژیانی داهاتووشیان لە ژێر ئاسەواری ئەو توندوتیژییانە دەناڵێنن، وەکو دوورخراوە و پەنابەر و ئاوارە و ئەوانەی کەسوکاریان لەدەست دەدەن و ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن. سەرنجی ئەم باسە لەسەر توندوتیژی دژی ژن و منداڵە لە کاتێکدا ئەم بابەتە هێشتا بە پێی پێویست لە لایەن کۆمەڵگە و دامو دەزگاکانەوە گرنگی تەواوی پێ نەدراوە و هەوڵی جدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەدراوە.» گوتیشی: «لەگەڵ ئەوەی کە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی چەندین هەڵمەتی کردووە بۆ سنووردارکردنی ئەو توندوتیژییانە، بەتایبەتی توندوتیژی دەستدرێژیکردنە سەر جەستەی ژن و منداڵ کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی ژیانیان و چەندەها یاسا و رێککەوتننامە ئەنجام دراوە بۆ رێگەگرتن و کەمکردنەوەی ئەم توندوتیژییانە وەکو لە رێککەوتنی جنێڤی ١٩٤٩ یاسای پاراستنی خەڵکی سڤیل لە جەنگدا چەسپاوە، هەروەها یاسای نێودەوڵەتی بو مافی مرۆڤ، وڵاتەکان ملکەچ دەکات رێز لە ماف و کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان بگرن بە بێ جیاوازیکردنیان و جەخت لە پاراستنی خەڵکی سڤیل و ئەوانە دەکات کە بەشداری جەنگەکان ناکەن. لە بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ ی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەستەبەرکردنی ئاسایش و پارێزگاری زیاتر دەکات بۆ کچان و ژنان و رادەستکردنی تاوانباران بە دادگا، کەچی هێشتا ئەم دیاردەیە لە رووی کوالیتی روو لە زیادبوون دەکات و لە رووی کوانتیتی توندوتیژتر دەبیت.

رۆشنا جەمال لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کەیسی توندوتیژییەکان زۆربەیان لەیەك دەچن و لە زۆربەشیاندا قوربانییەکان بێدەنگی هەڵدەبژێرن بەوەش چیرۆکەکانیان لە ترسی حوکمی کۆمەڵگە بە سەریاندا ون دەبن. روونترین نموونە بۆ ئەو جۆرە ژیان و گوزەرانەش ژیانی ژنان و منداڵانی کوردی ئەنفالکراوە، دوای گێڕانەوەیان و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیان لە ئۆردوگاکان لە لایەن رژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕەوە، کاتێك دوای ئەنفالکردنیان و زیندانیکردنیان، خۆیان لە جۆرێك زیندانی دیکەدا بینییەوە بە بێ هاوسەر و خێزان و بنەماڵە و زۆربەیان بە منداڵی تەمەنی

**لە نوگرەسەلمان هەموو رۆژێک ریزیان دەکردین، جەللادێک بە کێبڵ لە خەڵکەکەی دەدا بە پیاو و ئافرەتەوە، رۆژی وابوو زیاتر لە (١٥) کەس بە ئەشکەنجە دەمردن**

**دەستدرێژی بۆ سەر جەستەی ژن و منداڵ و کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیل بۆ سیاسەت و پیلانی سەربازی و کەلتوور و سروشتی هێرشبەران، هەروەها بۆ پاڵنەری ئایینییان دەگەڕێتەوە**

**پێویستە زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ یادی ئەم مەرگەساتانە بکەین و نەهێڵین چیدی خوێنی شەهیدان و کوردی جینۆسایدکراو بە فیڕۆ بڕوات، ئەمەش بەوە دەکرێ کە دەنگمان بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بەرز بکەینەوە**



بچووکەوە ناچار بوون بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، زۆر لە دایکانیش کە بێ هاوسەر کرابوون، ناچار بوون رۆڵی باوکیش ببینن و بە بێ هیچ پشتیوانێك بژێوی منداڵەکانیان دابین بکەن، هەموو ئەوانەش کە کەسوکاریان بێسەروشوێن کران، ترسی گەورەی نەبینینەوەیان هەبووە و هەمیشە ئەو ترسە باری دەروونییانی تێك داوە. لە کاتێکا ئەم ژن و منداڵانە جارێ پێویستیان بە چارەسەری دەروونی و راوێژکاری دابینکردنی ژیانێکی گونجاو بووە، وەکوو دەربازبویەك لە مەرگ. لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١یشەوە ئەم قوربانییانە پاڵپشتیەکی ئەوتۆ و پێویستیان نەکراوە، نە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، نە لە لایەن حکومەتی مەرکەزییەوە تاوەکو ئێستا بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزانییەکان و قوربانییانی دیکەی جەنگ و توندوتیژی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی دروست و زانستییان بۆ نەکراوە و هێشتا لە ژێر ئاسەواری توندوتیژییەکاندا نەوە لە دوای نەوە دەناڵێنن. دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی هێشتا خۆی لە ئاستی کەمتەرخەمی بەرامبەر کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە دەبینێتەوە، بەمەش واتە هێشتا لە قۆناغی ئەنفالکردندا دەژی و ماویەتی ئەم قۆناغە تێپەڕێنێ و ئیتر دەستبکات بە کارکردنی جددی و پرۆفیشناڵانە بۆ مامەڵەی دروست لەگەڵ قوربانییان وەکو قوربانیی جینۆساید. بێگومان رەوشی دەربازبووانی جینۆسایدی شنگال لە ژنان و منداڵان جیاوازییەکی هەیە لە رووی مامەڵەکردنی خێرا و گونجاو بەتایبەتی لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە و هەوڵی گرتنەخۆ و چارەسەری دروست بۆ ئەو قوربانییانە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. رژێمی بەعسی لەناوچوو پاکانە و هۆکاری خۆی دەهێنایەوە بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر میللەتی کورد، ئەویش بە بەکارهێنانی سوورەتی ئەنفال لە قورئان بە مەبەستی بە شەرعیکردنی تاوانەکەی و شێوازی ئەنجامدانی جینۆسایدەکەی کاتێك ژن و منداڵی کوردی خستە خانەی سەبایا کە هەموو جۆرە دەستدرێژییەك لەسەریان حەڵاڵە لە لایەن هێزی براوە، کە سەربازەکانی خۆی بوون لە کاتێکدا سوورەتی ئەنفال و حوکمەکانی بە هیچ شێوەیەك بەسەر نەتەوەی کوردا جێبەجێ نابێت و نابێتە شەرعی، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی موسڵمانن و ئەو سوورەتە بۆ مامەڵەکردن لەگەل هێزی دوژمنی کافردا هاتووە و دوای ئەوە قوربانییانی ئەنفال خەڵکی سڤیل و بێچەك بوون، نەك هێزێك، یان سوپایەکی چەکدار. بە هەمان شێوە تیرۆریستانی داعش بە کۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتنی کچ و ژن و منداڵی کوردی ئێزیدی لە ژێر بەهانەی جیاوازی ئایینی و جیاکردنەوەیان وەکو (موشرکین) ئەنجامدا، لە کاتێکدا ئایینی ئێزیدی دەچێتە چوارچێوەی ئایینە یەکەمینەکانی سەر زەوی کە داوای پەرستینی یەك خواوەند دەکات و هیچ پێوەندییەکی بە شیرك-ەوە نییە. کەواتە هۆکار و پاڵنەری توندوتیژی و دەستدرێژی بۆ سەر جەستەی ژن و منداڵ و کۆمەڵکوژی خەڵکی سڤیل بۆ سیاسەت و پلانی سەربازی و کەلتوور و سروشتی هێرشبەران دەگەڕێتەوە.»

**ژن و منداڵ بەرپرسیار نین لە هەڵگیرسانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە قوربانیی یەکەمی ئەو جەنگانە و بە درێژایی ژیانیان لە ژێر ئاسەوارەکانی شەڕدا دەناڵێنن**